# یادنامە YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی روداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نیە.

ژمارە ١٧ی تەمموزی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە، مانگی جارێ دەرئەچێ No.17, julay 2020


## مێژوێک لە خوێنڕشتن و ڕەگەزپەرستی و وەحشیگەری

ئەو ووتارە نە (کوردێک) نوسیویەتی نە (ئەرمەنییێک) بەلکو نوسەرێکی (تورک) نوسیویەتی و پەردە لەسەر ڕوی تاوانەکانی تورک هەلدەمالێ.

لە سەر زمانی خۆیانە بۆیێ بەگرنگم زانی بلاوی کەمەوە.

مێژوێک لە خوێنرشتن و ڕەگەزپەرستی و وەحشیگەری.

قێزەونترین مێژوی قێزەونترین دەولەتی ڕەگەزپەرست و خوێناوی لەسەر ڕوی زەوی..

ڕاگەیاندکاری تورک ( رحمی تروان ) لە بلاوکراوەییێکیدا لە ژێرناوی ( یادگاری پاشاکان ) نوسیویەتی

** دوای کۆچی دوایی ( أرتوغرول ) ناکۆکی دروست بوو لە نێوان ( دوندار ) ی برای و ( عثمان ) ی کوڕی ، ناکۆکیەکە کۆتایی هات بەوەی ( عثمان ) مامی خۆی کوشت و دەستی بەسەر حوکمڕانی داگرت بەمەش دەولەتی ( عثمانی ) دروست بوو.

** نەوەکەی کە بە (مرادی یەکەم) ناودەبرا کە بوە سولتان ئەویش بە هەمان شێوە (ابراهیم و خلیل) ی برای کوشت لەترسی ئەوەی نەوەک نیازیان هەبێ دەسەلات بگرنە دەست، دواتر کە لەسەر جێگای مردن بوو لە شەڕی (کۆسۆڤۆ) سالی (١٣٨٩) فەرمانیدا (یعقوب) ی کوڕی بخنکێنن تا ڕکابەری براکەی نەکات لە جێنشینی (خەلافەت) دا. ** سولتان ( محمد ) ی دوەم. ئەوەی ( ئەستەنبۆلی فتح کرد ) فتواییێکی شەرعی دەرکرد کە تێیدا حەلالی کرد سولتان براکەی خۆی بکوژێ لە پێناو. بۆ ل ٢

**تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستان دەستێک لەنێو تەڵەو سەرێک لەبەردەم چەقۆی قەساب** بۆ ل ١٦

## ئێران و تیرۆری سەرکردەیەکی مەزن

کورد بە درێژایی شۆڕش هەوڵی داوە لەسەر مێزی گفتوگۆ چارەسەری گەشتن بە مافەکانی بکات، نەک لەسەر سفرەی خوێن و فێڵ، کورد ڕوباری خوێن دەبەخشێ بەڵام کە دەچێتە سەر مێزی گفتوگۆ خوێن ناکاتە کارتی دانیشتن بۆ ئەوەی غەدر لە نەتەوەکانی تر نەکات، لە بەرامبەر ئێراندا بە درێژایی مێژو کورد ویستویەتی وێنەیەک بداتە جیهان و ئێران کە ویستی کورد پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکانە لە چوارچێوەی دەستورێکی گشتی بۆ پێکەوە ژیان و مافی نەتەوەکان، نەک هەر ئێران بەڵکو جیهان لە ئاست ئەم شۆڕش و ویستەی کوردا نوقمی غەدرێکی جیهانیە.

دوای تیرۆر کردنی قاسملۆ دەبو جیهان وەک پاڵپشتیەک بۆ شۆڕش و نەتەوەیەکی غەدر لێکراو و ئاشتی خواز، کوردیان لەسەر نەخشەی جیهان ببردایەتە ئاستێکی باڵا، مەخابن نەک هەر ئەمە نەکرا بەڵکو ئاستی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی باڵا و ئێران زۆر گەورەتر بو لە تیرۆر و قاسملۆ، گەشتە ئەوەی لای کورد دروشمەکانی دژی تیرۆر و وڵاتانی پاڵپشتی ئاشتی جیهانی وەک گاڵتە جاڕییەکی ڕاگەیاندن ببینێ.

لە یادی تیرۆر کردنی سەرکردەیەکی مەزندا دەبێت کورد فێر ببێ کە تیرۆر چەکێکی ڕێگەپێدراوی جیهانیە و دەبێ کورد لەوە تێبگا کە چۆن لەم شەڕە درێژەی تیرۆردا بەرامبەر ئەم شەڕە بوەستێتەوە.

سەربەرزی بۆ سەرکردەی مەزن و ڕوڕەشی بۆ تیرۆرستانی ئازادی و ماف.


**شانۆیی (پلانی پیرەکان، مانەوە لەبەردەم مردندا)..بۆ لاپەڕە ٣**

**لە یادی داستانی (دەشتێو)و شەهیدبوونی سەرکردە سەعدی گچکە و هەڤاڵەکانیدا ....بۆ لاپەڕە ٦**

**وێنەیەکی دەگمەنی شاعیری چەوساوەکانی کوردستان (قانیع )... بۆ لاپەڕە ٩**

** سولتان ( موراد ) ی سێیەم.
دوای ئەوەی کرا بە سولتان هەر پێنج براکەی خۆی کوشت.


** کوڕەکەی کەناوی ( محمد ) سێیەم بوو.
لەسەردەمی سولتان ( سلیم ) کاتێک دەولەتی ( عثمانی ) دەستی بەسەر ( قاهیرە ) داگرت ( ٥٠٠٠٠ ) پەنجا هەزار کەسی موسلمانی میصریا کوشت، بەمەش ( میصر ) بوە وویلایەتێکی ( عثمانی ).
دواتر سولتان ( سلیم ) هەردوو براکەی خۆی کوشت لەبەر ئەوەی پێیان وابوو سولتان سەلیم توندوتیژی کردوە لە شێوازی بەڕێوەبردنی حوکمڕانی.

** لە هەموو ئەوانەی ڕابردوو
* بکوژەکان خەلافەتی اسلامیان دەویست.
* کوژراوەکان بەهەمانشێوە خەلافەتی اسلامیان دەویست.
* بکوژەکانی وێردی سەر زوبانیان ( الله اکبر ) بوو.
* ئەوانەی دەکوژران پێش کوشتنیان شەهادەیان دێنا.
* زنجیرەیێکی کۆن و تۆقێنەرو ترسناکە بەلام ئێمە لە مێژوو شتێکمان نەخوێندۆتەوە تەنها ئەوە نەبێ کە ویستویانە بیخوێنینەوە ، تا وامانزانی ( داعش ) لەدایکبوی ئەوڕۆیە.

بۆیێ بەسەر سوڕمان و توقینەوە هەلسوکەوتمان لەگەل کرد.

ببورن کە باسی ملیۆنەها کوردو ئەرمەن و موسلمان و مسیحی ئەوروپامان نەکرد کەوا قوربانی خەلافەتی اسلامی بەناو اسلام بون.
ئێستاش تورک هەمان تورکە

**رحمی تروان**
**نوسەرێکی تورک**



لە ماڵەکانماندا...قاسملوو
جوانترین درەختی حەوشەیە و
نازدارترین گوڵدان و ئینجانەیە و
پاکترین شووشەی پەنجەرەیە و
یەکەمین ڕەفەی کتێبخانەیە و
قوڵینەی نانە
قەڵەم دانە و پەرداخە و
گڕوگاڵی منداڵەکانمانە ... قاسملوو!
هەموو ساڵێ لەم ڕۆژەدا
ئەگەڕێتەوە ژوورەکانمان
ئەبێتەوە بە هەتاوی بەر هەیوان
بە پەپوولە پاییزە و
دێتەوە سەر پێخەفەکانمان
وەلێ کە دێتەوە بە دەستی بەتاڵ
نایەتەوە قاسملوو
ئەو لەگەڵ خۆیدا بە باوەش تریفە دێنێتەوە
شیعری سەوز بە دەستەوە و
سنگی ئەبێتە پوورە هەنگ و
هەنگوین لە قسەیدا و بەسەر هەژاراندا
ماڵ بە ماڵ ئەیبەخشێتەوە
ئەو هەروا خۆی تەنیا ناگەڕێتەوە
بە ئاوەڵی شەفەق نەبێ ناگەڕێتەوە
لەگەڵ نەوڕەسی سپیدا نەبێ ناگەڕێتەوە
لەگەڵ هۆرەی دوا شەهیدا نەبێ ناگەڕێتەوە
ئەو هەروا تەنیا خۆی ناگەڕێتەوە!

# شانۆیی (پلانی پیرەکان، مانەوە لەبەردەم مردندا)




پەندێکی ئەڵمانەکان هەیە دەڵێ: تەنیایی گۆڕێکی تاریکە!

یەکێک لەو خەسڵەتانەی کە مرۆڤ بۆناو کێشەکانی مرۆڤ دەبات، تەنیاییە. بەشێکی زۆر لە دەهێنەرانی دونیا، نووسین و لێکۆڵینەوەی بە سوودیان لەسەر تەنیایی نووسیوە. بەتایبەتی ئەدەیبە نێودارەکانی ڕۆژئاوا، گەر چاوێک بەنێو دەقە ئەدەبییەکاندا بگێڕین دەبینن بەشێکی زۆری دەقەکانی وەک: ڕۆمان و چیرۆک و شیعر. تژین لە تەنیایی. تەنیاییەک کە نووسەرێکی نێوداری وەک: گوستاڤ فلوبێر، لە ڕۆمانی مادام بۆڤاری،دا داهێنەرانە کاری لەسەر تەنیایی مرۆڤ کردووە. گابرێل گارسیا مارکیز، لە ڕۆمانی سەدساڵ تەنیاییدا، زۆر بە وردی تەنیایی مرۆڤی بە ڕۆمان شیکردۆتەوە. بۆدلێر، هێندە تەنیا بوو، ناچار لە ڕێگەی شیعرەوە تەنیاییەکانی خۆی پڕ دەکردەوە. هەروەک چۆن ڕۆمان و شیعر، بەشێکی زۆری پەیوەندی بە تەنیایی مرۆڤەوە هەیە، بە هەمانجۆر، دەقە شانۆییەکانیش لێوانلێون لە تەنیایی. ئەسخیلۆس، لەتەنیاییدا چاوی بەناو کۆمەڵگەی گریکدا دەگێڕا تاکو دەقێکی داهێنان بخوڵقێنێت. بێکت، دەقی شانۆیی لە جوگرافیایەکدا نووسیوە کە تەنیایی پڕی کردبوو لە داهێنان و لەدواجاریشدا بەدەم چاوەڕوانی گۆدۆ،وە هاتە بەرهەم. کەواتە تەنیایی، کاریگەریی گەورەی لەسەر داهێنەران هەیە. هەر ئەو تەنیاییە وا لە مرۆڤ دەکات. بەردەوام لەناوەوەی خۆیدا جەنگێک دروست بکات، تاکو لەناوەوەی خۆیدا هەست بە تەنیایی نەکات. مرۆڤی تەنیا، هەمیشە هێزێک
لەناوەوەی خۆیدا پەلکێشی دەکات بۆ شتەکانی دەرەوەی خۆی. کاتێکیش تەنیایی مرۆڤ دەبێت بە کەرەسەی داهێنان، ئیدیی هەموو شتەکانی دەرەوەی مرۆڤ پڕ دەبن لەهەراوزەنا. هەر ئەم هەراوزەنایە، بووە هۆی دروستبوونی ڕۆمانێک بەنێوی ( هەراوزەنا) کە ولیەم ڤاگنەر داهێنەری بوو.
بەمجۆرە دەبینین، داهێنانەکان لەناو تەنیاییدا جوگرافیایەکیان بۆخۆیان دروست کردووە. نووسەرانی کوردیش، وەک نووسەرانی دونیا، گرنگی زۆریان بە تەنیایی داوە. تەنانەت چیرۆک و شیعر و ڕۆمان، مێژوویەک بۆ تەنیایی چێدەکەن. ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن، لە ڕۆمانی تەنیاییدا، چاوی لەسەر ئەو گێڕانەوەیە کە تەنیایی گرێداوە بە کارئەکتەرەکانییەوە. لەدوای ساڵانی حەفتاکانەوە تەوژمێکی نوێی دەقی شانۆیی سەریهەڵدا، کە دەکرێ قامکی ویژدانانە بخەینە سەر دەقەکانی نووسەری دەقی شانۆیی سمکۆ ناکام. کە توانی لەڕێگەی دەقە شانۆییەکانییەوە، نەک تەنیایی مرۆڤێک، بەڵکو کۆمەڵگەیەکی
تەنیای، لە ئاست تەنیاییدا ژێر کردەوە.بەو مانایەی نمایشی خولەچەخماخە لەسەردەمێکدا نمایش کراوە، کۆمەڵگەی کورد لە باشووری کوردستاندا تووشی گەورەترین شکستی سیاسیی و ئابووریی و هونەری بوو بۆوە. سمکۆ ناکام، بەدەقەکانی بەشێک لەو تەنیاییەی مرۆڤی کوردیی ڕەواندەوە. وەکی دیی. لە تەنیاییەوە گواستیەوە بۆ فرەبوون.گەر ئاوڕێک لە ئێستا بدەینەوە، بەهەمانجۆر، تەنیایی مرۆڤی کورد، لێوانلێوە لە بێدەنگی و تەنیایی. بەجۆرێک کە جگە لە هونەر  هیچ شتێکی تر ناتوانێت تەفسیر لەو تەنیاییەی مرۆڤ بکات. شانۆیی پلانی پیرەکان، پێناسەی کۆمەڵگەیەکە ناتوانێت تەنیایی تێ پەڕێنێت. هۆکاری ئەم  تەنیابوونە، کێشەی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئاراوە. بەتایبەتی، تەنیایی کەسێتیی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. چونکە لە کۆمەڵگەی نێرسالارایدا، کێشەکان ئاڵۆزتر دەبن و چارەسەرکردنیان مەحاڵە! بەبۆچوونی ئۆشۆ، ئەشق و خۆشەویستی، ئەو هێزە گەورە و بەهێزەیە کە تەنیایی بەرەو ئاوەدانی دەبات. بە مەرجێک مرۆڤ بتوانێت، بەرگەی جەنگە دەروونییەکانی خۆی بگرێت. لە نمایشی شانۆیی پلانی پیرەکاندا، ئەشق و خۆشەویستی، هێز بەبەر ئەو کائینانە دەکەنەوە کە مردن بەرۆکی گرتوون ونزیکن لەکەنارەکانی

مردنەوە. بەمانایەکی تر، لە کۆمەڵگەی نێرسالاردا، ژنەکان مردن لە ژیانی مرۆڤەکان دووردەخەنەوەو مانایەکی تر بە مرۆڤبوون

دەبەخشن. پلانی پیرەکان، دەقێکی کوردیی و خۆماڵییە، بە جۆرێک شیکاریی ئەو مرۆڤانە دەکات، کە کۆمەڵگە لەبیری کردوون. مایەی خۆشحاڵییە لەم کات و ساتەدا گرنگی بەدەقی لۆکالی بدرێت، چونکە هەموو ماناکان و تەفسیرەکان زادەی کۆمەڵگەیەکە کەوتۆتە بەر شاڵاوی تەنیایی و بێدەنگی. کارێکی ئێجگار جوان و سەرنجڕاکێشە ئەکتەرەکانی شانۆ وەک نووسەرانی تر دەگەڕێن بۆ خستنەڕووی کێشەکانی کۆمەڵگە. جێگەی خۆیەتی لێرە بەدوا شانۆکاران و نووسەرانی دەقی شانۆیی گرنگی بدەن بە دەقە لۆکالییەکان، چونکە ئەم گرنگیدانە شانۆ بەرەو ئاستێکی باشتر و ئاوەدانتر دەبات. گەر لە مێژووی دەقی شانۆی کورد وردبینەوە دەبینین وەک پێویست لامان لە دەقی لۆکالی نەکردۆتەوە، جگە لەوەی چەند نووسەرێک توانیویانە تا ئاستێکی باڵا گرنگی بە دەقی لۆکالی بدەن وەک : فواد مەجید میسری، کەخاوەنی زۆرترین دەقی شانۆیی کوردییە. دەقی پلانی پیرەکان، جارێکیتر پەلمان دەگرێ و لەگەڵ خۆیدا لە ڕێگەی نمایشەوە، کێشەکانی کۆمەڵگەمان نیشان دەدات.

# عەبدولکەریم قاسم و عەبدوسەلام عارف، دوو هاوڕێ، خیانەتیان لە یەک کرد و عێراقیشیان بەم ڕۆژە گەیاند.



لە ١٩٥٤ تا ١٩٥٨ عەبدولکەریم و عەبدوسەلام برایەکی گیانی بە گیانی بوون و سوێندیان بەسەری یەکتر دەخواردو هەردەم لە ماڵی یەکتر نانیان خواردووە.

پێکە وە پلانی شۆڕشی ١٤ی تەممووزیان دانا، عەبدولکەریم بوو بەسەرۆک وەزیران و سەرۆکی هێزە چەکدارەکان، عەبدوسەلامیش کرا بە جێگری. دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکە، سدیق شنشل بە جەمال عەبدولناسر کە ئەو کات سەرۆکی یەکێتی میسر و سوریا بووە دەڵێت "ئێستا دوو کەس حکومڕانی عێراق دەکەن یەکێکیان نیوە شێتە عەبدوسەلام ئەوەی تریان نیوە ژیرە عەبدولکەریم". مانگی ٩ی هەمان ساڵ، عەبدولکەریم فەرمانی دەرکردنی عەبدوسەلام لە جێگری هێزە چەکدارەکان دەردەکات. لە مانگی ١٠دا دەیکات بە باڵیۆزی عێراق لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، مانگێک دواتر عەبدوسەلام بەبێ ئاگاداری عەبدولکەریم لە ئەڵمانیاوە دەگەڕێتەوە، عەبدولکەریم فەرمانی گرتنی دەداتو کۆتایی هەمان ساڵ دادگایی کراو زیندانی کرا.

ساڵی ١٩٦٢ عەبدولکەریم لە عەبدوسەلام خۆشبوو خۆی چوو لە بەندینخانە هێنایە دەرەوەو بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بردیەوە ماڵەوە. ئینجا عەبدوسەلام لە ساڵی ١٩٦٣ کودەتای بەسەر عەبدولکەریم قاسمدا کرد و لە مانگی شوباتی ١٩٦٣ دادگایی کرد، لە پێش دادگاییەکە عەبدولکەریم بە عەبدوسەلام دەڵێت "سەلام من تۆم نەکوشت، تۆش من مەکوژە قازانج دەکەیت لە من".

لە کاتی دادگاییەکەدا عەبدوسەلام دەڵێ من و کەریم نان و خوێ لە نێوانماندا بوو، تورە دەبین لە یەکتر و ئاشتدەبینەوە، برای یەکترین...داواش دەکات لە سێدارەدانی دوابخرێت، بەڵام سەرکردایەتی شۆڕش داواکارییەکەی ڕەتدەکاتەوە.

ڕۆژی ٩ی حوزەیران لە ناو هۆڵی دادگاکەدا گوللەباران دەکرێن.

لە سەردەستی ئەمانە کۆماری عێراق لە دایکبووە.

دەگێڕنەوە دەڵێن جارێک عبدالکریم قاسم بە ئوتومبیل سەردانی گەرەکی (اعظمية) کردوە لەبەغدا جەماوەرێکی زۆر


ئەمڕۆ ١٤ ی تەموز یادی شۆڕشە مەزنەکەی عبدالکریم قاسم و
هاوڕێکانێتی بۆ لەبیر نەکردنی ئەم پیاوە مەزنە ئەم چیرۆکە
جارێکی تر پۆست دەکەمەوە

هاتنە سەر شەقامەکان و بە چەپڵە لێدان پێشوازی زەعیمیان کرد ؛

لەناکاو منداڵێک لە ئۆتۆمبیلەکە نزیک دەبیتەوە و یەک تفی بەڕووی زەعیمی دادەکا و رادەکا،

حیمایەکـــانی دەشـــڵەژێن و بەراکـــردن بە دوای دەکەون و پشتەملی منداڵەکە دەگرن و دەیهێنە لای زەعیم،

زەعـیم لە ئوتـومبیلی خـۆی دێـتە خـوارێ و تەماشـایەکی منـــداڵەکەی دەکـــا دەبینـــی دشداشـــەیکی دڕاو چڵکنـــی لەبەردایە،




تـاکەی نەوعـێکە. زەعـیم نزیـک دەبیـتەوە و لێـی دەپرسـی دەزانم لەگەڵ من کۆک نیت بەڵام نەعلەکانت بۆ ئاوا ناکۆکن لەگەڵ یەکتری؟

منداڵەکە گوتی دایکم لە زبڵخانەی بۆی دۆزیومەتەوە

زعیم گوتی ئەی بۆ باوکت نیە ؟

گوتی بابم لەگەڵ تۆ بووشـەهید بـوو کاتێـک ئیـوە چـوونە (را س التل) مەبەستی ئەوەبوو کاتیک عبالکریم قاسم لەگەڵ کۆمەڵێـک سـەرباز و ئەفسـەران هێـرش دەکەنە شـوێنێکی ئیسـرائیلیەکان بەنـاوی (راس التـل) لەوێـدا بـابی شـەهید دەکرێ، منداڵەکە بەردەوام بوو لە قسەکانی و گوتی تـۆ وات کرد بابم بمرێ و نەعلەکانی من هەر تـاکەی نەوعێـک بـن و دایک و خوشکم هەر بگرێن.

لەو کاتەدا زەعیم زۆر تورە دەبی خەڵکەکە لێی دەترسن نەکا شتێک لە منداڵەکە بکات عبدالکریم قاسـم ڕووی لە منـداڵەکە کردوبەتوندی قیژاندی بەسەریا و گوتی هەر ئیستا شـتێکت پێ دەڵێم و دەبێ بیکەی ئەگەرنا دەتخەمە زیندان،،،

منداڵەکە زۆر ترسا گوتی قەیناکە ئەگەر جنێـویش بە دایـک و بابم بدەی بەس لێم گەڕێ با بڕۆم.

زەعیم گوتی نەخێر نارۆی تۆ تفێکت لەمـن کـرد دەبـی هەر ئیستا تۆ تفی ترم بەڕوودا بکەی تاوەکو یەکسان بین من و تۆ،، بەڵام منداڵەکە نەیکرد.

زەعـیم گـوتی نـاوی خـۆی و خێـزانەکەی بنوسـن خـۆی و خوشکی بنێرنە خوێندنگەی تایبەت و ئیشێکی گونجـاویش بۆ دایکەکە بـدۆزنەوە، دەسـتی خسـتە گیرفـانی و هەرچـی پارەیەک لە معاشەکەی مابۆوە دای بە منداڵەکە.

# لە یادی داستانی (دەشتێو)و شەهیدبوونی سەرکردە سەعدی گچکە و هەڤاڵەکانیدا


قادر عەزیز

ڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٨، ٤٢ ساڵ بەسەر شەڕی (دەشتێو) کە دواتر بەهۆی گرنگی شەڕەکەوە بە داستانی (دەشتێو) ناویدەرکرد، تێدەپەڕێت.

داستانی دەشتێو لەگەڵ نەشارەزایی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەکە و نابەرابەریەکی زۆر لە هاوسەنگی هێز لەوکاتەدا، کەچی هێزەکەی پێشمەرگە بەهۆی ئازایەتی و ئەزموون و شارەزاییان لە شەڕەکەدا توانیان زەرەر و زیانێکی ئێجگار گەورە بە دوژمن بگەیەنن، بۆیە ئەو شەڕە بە یەکێک لە داستانە هەرە گەورەکانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان ئەژمار دەکرێت، ئەو شەڕە کاتێک ڕوویدا کە کاک سەعدی بە یاوەری سەید کاکە فەرماندەی هەرێمی خۆشناوەتی و ژمارەیەک لە کادیرو پێشمەرگەکانی هەردوو هەرێمی دەشتی هەولێر و خۆشناوەتی کە ژمارەیان ٤٢ کەس بوو بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆبوونەوەی فراوانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەرەو نێوزەنگ و نۆکان، بارەگای سەرکردایەتیی شۆڕش بەڕێوەبوو.

پێشمەرگەکانی شەڕی (دەشتێو) بەهۆی پلانی پێشوەختی سوپای ڕژێم و نەشارەزایی ناوچەکە لە هەر چوارلاوە گەمارۆدرابوون، شەڕەکەش لەلایەن خودی (ئیسماعیل تایە النعیمی) فەرماندەی فیرقەی ١ی ئەو کاتەی سوپای عیراق سەرپەرشتی دەکرا، لەو شەڕەدا کە لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە تا درەنگانی ئێوارەی خایاند بە قسەی (ئیسماعیل تایە النعیمی) کە سەرپەرشتیاری شەڕەکەی دەکرد زیانی دوژمن بریتی بوو لە کوژرانی ١٦٠ سەربازو ئەفسەرو بریندداربوونی ٢٥٠ی ترو پێکانی ٨ تەیارەی هەلیکۆپتەرو کەوتنە خوارەوەی دوانیان لە مەیدانی شەڕەکەدا، بەداخەوە ئەو سەرکەوتنە گەورەیە بە شەهیدبوونی کاک سەعدی خۆیو ١٦ کادیرو پێشمەرگەی قارەمان نوسرایەوە کە ١٢یان لە مەیدانی شەڕەکە شەهید بوونو ٤یشیان دوای برینداریو بەدیلگیران، دواتر لە سێدارەدران.

گرنگی شەڕی (دەشتێو) لەوەدابوو کە (ئیسماعیل تایە النعیمی) دوای شەڕەکە نامیلکەیەکی بە ناوی (بساط ناجح فی منطقة قلعەدزە) (تجربتی مع القیادە) نوسیوەو لە ڕیزەکانی سوپادا بڵاویکردۆتەوە، لە نامیلکەکەدا هۆشداریدەداتە سوپا کە پێشمەرگە شەڕی لەگەڵ سوپا قۆناغی پارتیزانی تێپەڕاندووەو چۆتە قۆناغی شەڕی گەڕۆک (الحرب المتحرکە) کە ئەمەش بۆ سوپا لەمەودوا ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ پێشمەرگە دژواردەکات.



### ژیاننامەکەی

شەهید سەعدی عەزیز، ناسراو بە سەعدی گچکە، ساڵی ١٩٤٦ لە دێی (سێبیران) ی نزیک قوشتەپەی هەولێر لە بنەماڵەیەکی هەژارو نیشتیمان پەروەر چاوی بە دونیاهەڵهێناوە. ساڵی ١٩٦٣ڕیزی سوپای عیراقی بەجێهێشتوەو پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە، سەرەتا لەناوچەی دەشتی کۆیەو چەمی ڕێزانو پاشان لە ناوچەی خۆشناوەتیو باڵەکایەتی درێژەی بەکاری پێشمەرگایەتیداوە بەهۆی ئازایەتیو لێهاتوویی لە شەڕونەبەردیەکاندا هەرزوو پلەی سەرپەلو پاشان سەرلقو دواجاریش فەرماندەی بەتالیۆنی بەدەست هێناوە.

لەزۆربەی شەڕەکانی دەشتی هەولێر، خۆشناوەتی، کۆیە، باڵەکایەتی بەشداری دیارو کاریگەری هەبووە، ساڵی ١٩٧٤ یەکێک لە فەرماندە مەیدانییەکانی شەڕەکانی ماکۆک بووە، دوای ٣ مانگ لەبەرگریکردنی بەردەوام بریندار بووە.

هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول لە ١٩٧٥ وڕەی بە کاک سەعدی بەرنەداوە، بەڵکو هەرزوو لەگەڵ بەشێک لە بەشداربوانی شۆڕشەکە خولیای دروستکردنەوەی مقاوەمەتو سەرلەنوێ تێهەڵچونەوە بووە، بۆ ئەو مەبەستەش هەر لەمانگەکانی هەوەڵی دوای هەرەس، لە مهابادو ئورمیە لەگەڵ ژمارەیەک لە کادیرو سەرکردە تێکۆشەرەکانی شۆڕشی ئەیلول لە مشوری دروستکردنی ڕێکخراوێکی تازەدا بووەو بۆ ئەو مەبەستەش هەموو لایەکیان گەڕاونەتەوە عێراقو دواتر لە بەغدا ئەو ڕێکخراوەیان بە ناوی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) دامەزراندوە.

دوای دامەزراندنی (بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان) بە چەند مانگێک لەسەر ڕاسپاردەی مام جەلالو بە هەماهەنگی و هاوبەشی یەکێتیو بزووتنەوەو کۆمەڵە بەمەبەستی بەشداریکردن لە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان لە ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٨ لەگەڵ تێکۆشەران (عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، دکتۆر خالید، ملازم تایەری علی والی، یاسین قادر، سەید کاکە، قادر عەزیز، جەعفەر ئەسوەد)و چەندین کادیرو پێشمەرگەی تری بزوتنەوە گەیشتونەتە چیاکانی کوردستانو دەستیان بەدروستکردنی مەفرەزە سەرەتاییەکانی پارتیزانی کردووە، لەدوای چەند مانگێک لە هاتنە دەرەوەی بووە بە فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێرو سەرکردایەتی یەکەم مەفرەزەی پارتیزانی بۆ ناوچەکانی خۆشناوەتیو دەشتی هەولێر کردووەو یەکەم چالاکی پێشمەرگانەشی لە ١٩٧٧/١/٤ لە جادەی نێوان بەستۆڕەو مەلا ئۆمەری هەولێر بووە کە بووە هۆی کوشتنی بەڕێوەبەری ئەمنی پیرمام (سابیر زێدان)و پاریزەرەکانیو هەر لەو چالاکیەشدا بریندار بووە.

شەهید سەعدی یەکێک بووە لە سەرکردە هەرە ئازاو شارەزاکانی شەڕی پارتیزانیو لەماوەی ساڵێکو حەوت مانگدا لە دەسپێکی هەڵگیرساندنی شۆڕشدا سەرکردایەتی چەندین شەڕی قارەمانانەی دژ بە ڕژێمی ڕەگەز پەرستی بەغدا کردووە، لەناویاندا شەڕەکانی (خانزاد، هەورێ، سەفین، دیدەوان، شیوەشان)، لەشەڕی (حسن موترب)ی (بناری دێدەوان)یش جارێکی تر بریندارببووە.

شەهید سەعدی لە ڕێگەی چونی بۆ سەرکردایەتی، بەمەبەستی بەشداریکردن لە کۆبونەوەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کۆبونەوەی فراوانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە ڕۆژی ١٩٧٨/٣/٨ لە دیارترینو بەناوبانگترین شەڕی دەستەویەخە کە بەشەڕی (دەشتێو) ناسراوە لەناوچەی قەڵادزێ لە تەک ١٢ کادیرو پێشمەرگەی تردا شەهید بووە بە شەهیدبوونی زەرەرو زیانێکی گەورە لە شۆڕش کەوت.

خوالێخۆشبوو مام جەلال بەبۆنەی ئەو شەڕەوە بەیاننامەیەکی بە زمانی عەرەبی لەژێر ناونیشانی (معرکە بطولیە من الشفق الی الغسق) واتە شەڕێکی قارەمانانە لە کازیوەوە بۆ تاریکی بڵاوکردەوە کە لە دەرەوەی کوردستانیش دەنگدانەوەی زۆری هەبوو.

شەهید سەعدی لەدوای خۆی ژنێکو چوار منداڵی بەناوەکانی (هێرش، هێمن، ماکۆک، لەنجە) بەجێهێشتووە.

.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکەو هاوڕێکانی

.

ناوی شەهیدەکانی شەڕی دەشتێو

سەعدی عەزیز ئەندامی سەرکردایەتی بزوتنەوەو ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانو فەرماندەی هەرێمی دەشتی هەولێر.

فاروق سدیق ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵەو ڕابەر سیاسی هەرێم (هەولێر-گوندی قوشاغلۆ)

فەرخ قادر-پێشمەرگە (هەولێر-قەراج)

فەریق هەمزە-پێشمەرگە (کەرکوک-ساڵەیی)

شاهێن عیزەدین-پێشمەرگە (پردێ)

تاهیر محەمەد عەلی-پێشمەرگە (هەولێر-قەراج)

جەبار ئیسماعیل-پێشمەرگە (هەولێر)

عوسمان باوە-پێشمەرگە (هەولێر)

سامی عوبێد-پێشمەرگە (هەولێر)

سەباح جەمیل-پێشمەرگە (هەولێر)

ئەحمەد محەمەدئەمین-پێشمەرگە (هەولێر-چەمرگە)

ئەحمەد محەمەد پێشمەرگە (هەولێر-پیرەرەر)

هەروەها لەو شەڕەدا ٤ پێشمەرگە بە برینداری بەدیلگیران کە پاشان لە ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٢١ لە زیندانی موسڵ لە سێدارەدران، ئەوانیش (جەعفەر مام ئەسوەد کۆیی، جەواد کەریم گۆمەشینی، کەمال واحید گۆمەشینی، حسێن عەبدولڕەحمان گۆمەشینی).

هەروەها عەزیز باپیر ناسراو بە سەید عەزیز گۆمەشینی دوای گیرانی بە ماوەیەک بەهۆی بچوکی تەمەنیەوە بە لێبوردنی گشتی ئازادکرا.

*ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەشداربوویەکی شەڕەکە.

ستالین لە یەکێک لە کۆبونەوە ئاساییەکانی دەوڵەتـدا داوای کـرد مریشکێکی زیندوی بۆ بهێنن.بە دەستێکی ملی مریشکەکەی گرت و بە دەســتەکەی دیــکەی کەوتە لێکــردنەوەی پەڕ و پۆیەکــانی، مریشکە لە تاو ئـازار هـاواری لـێ بەرز ببـۆوە و هەوڵــی دەدا لە چنگی ستالین ڕزگاری بێ بەڵام نەیدەتوانی چونکە سـتالین زۆر لە مریشکەکە بە هێزتر بـوو!. بە هەرحـاڵ سـتالین تـوانی هەمـو پەڕە و توکەکـان لە مریشـکەکە بکـاتەوە  و هەڵیانکەنێـت. دوای تەواو بوونی کارەکەی ڕوی لە ئامادە بـوان کـرد و وتـی تەماشـا کەن ئێستا چی ڕو دەدات، مریشکەکەی لەسەر زەویەکە دانا و لێی دور کەوتەوە و چو تا هەندێک گەنمی بـۆ بهێنێـت ئامـادە بـوان بەو پەڕی ســـەر ســـوڕمانەوە تەماشـــای ئەم هەڵســـو کەوتەی سەرۆکیان دەکرد، لە کاتێکدا مریشـکی دامـاو پەڕ و پـۆی پیـوە نەمابو وە خوێن لە گیـانی دەهـات بـۆ ئەوەی گەنمـی لە دەسـتی سـتالینەوە دەســت کەوێــت ســوچا و ســوچی ژورەکە بە دوای ستالین دەکەوت.دواتر ستالین ڕوی لە ئامادە بوان کرد و وتـی لە کۆمەڵـگـایەکی نوسـتودا مـرۆڤە گەمژەکـان بەم شـێوەیە ئیـدارە دەکرێن. بینیتان ئەم مریشـکە لەگەڵ ئەو هەمـو ئـازارەی کە مـن پێمدا واش بە دوامەوەیە تا کەمێک گەنمی بـدەمێ تـا لە برسـان نەمرێ!؟

کۆمەڵگای گەمژە ئاوا ئیدارە دەکرێت،

گەندەڵی

دزی

زیاد کردنی باج  و ڕسومات


بڕینی موچە و نەدانی موچە

نەبوونی کارەبا و خزمەتگوزاری

نەبوونی کار و کاسپی

نەهێشتنی ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و هتد...

**وەرگیراوە**



**چراکانی نیشتمان**

**میللەتی کورد قوڕ بەسەر خۆیا بکا هێشتا کەمە**

**شیوەنی دوو شیوەنە بۆ عالم و بۆ حاتەمە**

**عالمی ڕەمزی فەناو واقیفی عیلمی بەقا**

**حاتەمی کوردی عیراق و شێخ و شاهی خانەقا**

**«عەبدولرەحمان بەگی  بابان»**

# وێنەیەکی دەگمەنی شاعیری چەوساوەکانی کوردستان ( قانیع )

چیرۆکی وێنەکە:
ئەم وێنەیە لە سالآنی پەنجاکان لە کەرکووک گیراوە. شۆفیرێکی هێڵی نێوان سلێمانی ــ کەرکوک دەگێڕێتەوە دەڵێت: ڕۆژێکیان خەریکی نەفەر گواستنەوە بووم لە سلێمانی بۆ کەرکوک، کابرایەکی لاواز و سیس و هەژار لەولاوە وەستابوو و خەریکی ژماردنی پارەی گیرفانی بوو، ناسیمەوە کە قانیعی شاعیرە بەڵام پێم نەوت کە دەیناسم، چوومە لای پێم وت بۆ سەرناکەوی؟
وتی ئاخر نەفەری بە سەدو بیست و پێنج فلسە و من تەنها حەفتا و پێنج فلسم پێیەو دەچمە کەرکووک هەندێ ئیشی دائیرەم هەیە
ئەڵێ منیش وتم سەرکەوە خوا کەریمە بۆ پارەکە
قانیع سوپاسی دەکات و سەردەکەوێت
کە دەگەنە کەرکوک شۆفیرەکە پێی دەڵێت بڕۆ کارەکانت تەواو کە و دوای سەعاتێکی تر دێمەوە دوات
قانیعیش زۆر سوپاسی چاکە و پیاوەتی کابرا دەکات و دەڕواتە دوای کاری خۆی
کابرای شۆفیر دەڵێت: چوومە ناوبازاڕ لای دوکانی وێنەگرێک بینیم وێنەیەکی گەورەی قانیعی هەڵواسیوە، چوومە لای پێم وت ئەم وێنەیە نافرۆشی؟ ئەویش وتی نەخێر هی فرۆشتن نییە چۆن دڵم دێ وێنەی ئەو کەڵە شاعیرە بفرۆشم؟ بیست دیناریشم بدەیتێ نایفرۆشم! کابراش بە وێنەگرەکە دەڵێت: ئەی ئەگەر من قانیع بەڕاستی بێنمە بەردەمی تۆ نەک بە وێنە؟ وێنەگرەکەش دەڵێ: ئەگەر وا بکەی من دوو قاتی پارەکەت ئەدەمێ. کابراش ئەڵێ چاوەڕێ بکە نیوسەعاتی تر قانیعت بۆ دێنم
ئەڕواتە دوای قانیع و ئەڵێ مادام ئیشەکەت تەواو بوو وەرە بڕۆین
قانعیش لێی دەپرسێت تۆ کێی ئاوا یارمەتی من دەدەیت؟ کابرا دەڵێ من لەسەرەتاوە تۆم ناسی زانیم قانیعی شاعیریت. وەرە بڕۆین حەقی خۆت وەرگرە
قانیع دەڵێ حەقی چی؟ کابرا دەڵێ تۆ وەرە لەگەڵم حەقت نەبێت
دەچنەوە دوکانی وێنەگرەکە و کابرا پێی دەڵێ فەرموو ئەمەش قانیع
وێنەگرەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری قانیع دەکات و لەبەری هەڵدەستێ و دەست و چاوی ماچ دەکات و پاشان دەعوەتیان دەکات بۆ ماڵەوە و زۆر خزمەتیان دەکات و چەند وێنەیەکی قانیع دەگرێت و لەسەر وەعدی خۆشی دووقاتی پارەکە دەدات



هەرچەندە قانیع وەری ناگرێت بەڵام وێنەگرەکە دەڵێت با ئەمە وەک دیارییەک بێت ئینجا قبوڵی دەکات
ئەم وێنەیەی قانیعی شاعیر هی ئەو کاتەیە.

# لەیادی ٦٨هەمین ساڵڕۆژی دوا ماڵئاواییدا:

# سەید ئەحمەدی خانەقا: پیاوێکی جوامێرو بەویقار!

**بدە لەشەقەی باڵی نەرم و سووک**
**برۆ تا چەمی خاسەی ناو کەرکوک**
**لەوێوە باخچەی خانەقا دیارە**
**مێرغوزارێکی تەڕو و ئاوادارە**
**«شێخ نوری شێخ سالح»**

بنەماڵەی خانەقا، یەکێک لەبنەماڵە دیارو ناسراوەکانی شاری کەرکوکن،ئەم بنەماڵەیە لە دوو سەدەی رابردوودا، خزمەتێکی زۆریان بەکایەکانی نیشتمانیو ئایینیو زانستیو ئەدەبیو رۆشنبیری کوردستان کردووە، شوێن پەنجەیان لەو بوارانەدا دیارەو مێژوو بەشانازییەکی زۆرەوە تۆماری کردووە.

خانەقای کەرکوک مەڵبەندێکی گەورەی ئاینیو زانستیو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو عیرفانیو نیشتمانی بووە.

خانەقای کەرکوک بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٧٧٨ لەسەر دەستی شێخ قادری سوور، باپیرەی سەید ئەحمەدی خانەقا دروستکراوە، سەرەتا بە مزگەوتی سەرا ناسراوە.

دواتر لەسەر فەرمانی سوڵتانی عوسمانی، مزگەوتەکە فراوان کراوەو پێشکەش بەبنەماڵەی سەردار کراوە.

دوای مەرگی شێخ قادری سور، خانەقاکە لە لایەن شێخ حسێنی کوری بەرێوە براوەو دواتریش سەید ئەحمەدی خانەقا جێگەی باوکی گرتۆتەوەو ئەو ئەرکەی گرتۆتە ئەستۆ.

ئەم خانەقایە دەیان گوندی لەدەوروبەری کەرکوک هەبووە. مەلای گەورەی کۆیە ئەو خانەقایەی بەسەفارەتی گەورەی کورد لەکەرکوک وەسف کردووە.

ئەگەرچی ئەم بنەماڵەیە لەرووی بنەچەی ئاینییەوە سەر بەسەیدەکانی بەرزنجەنو ئەو سەیدانەش سەر بەتەریقەتی قادرین، بەلام بنەماڵەی خانەقا سەربە تەریقەتی نەقشبەندین،ئەوەش لەو کاتەوە بووە کە سەید ئەحمەدی سەردار باپیرە گەورەی ئەو بنەماڵەیە، لەسەر دەستی مەولانا خالیدی نەقشبەندی تەریقەتی نەقشبەندی وەرگرتووەو ئەندامانی بنەماڵەکە لەسەری رۆیشتوونو پەیرەویان کردووە.

ئەم بنەماڵە هێژایە، چەندین کەسایەتیی گەورەی تێدا هەڵکەوتووەو رۆڵی دیارو درەوشاوەیان لەمێژووی کوردستاندا هەبووە، ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە تیشک بخەمە سەر ژیانو کارەکانی، سەید ئەحمەدی خانەقایە، کە کەسایەتییەکی دیارو ناوداری ئەو بنەماڵەیەیەو لەنیوەی یەکەمی سەدەی رابردوودا رۆڵێکی دیارو جوامێرانەی لە بوارەکانی نیشتمانیو نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو ئەدەبیو رووناکبیریدا بینیوەو جێگەی رێزو متمانەی خەڵک بووەو لەسەرانسەری کوردستانداو وەک هێمایەکی مەزنی کوردەواری سەیری کراوە.

سەید ئەحمەد کوری شێخ حسێن کوری شێخ قادری سور کوری شێخ ئەحمەدی سەردارەو بەسەید ئەحمەدی خانەقا ناسراوەو ساڵی ١٨٦٨لەشاری کەرکوک لەدایک بووە.

لەناو خانەوادەیەکی ئایینی ناوداردا پەروەردە بووە، هەرلە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندنی ئاینیو دەرسە ئاینییەکانی خوێندووەو خوێندکارێکی زیرەکو بلیمەت بووەو لە خوێندنەکەیدا سەرکەوتوو بووە.

سەید ئەحمەد بێ لەزمانی دایک،زمانەکانی فارسیو تورکیو عەرەبی بەرەوانی زانیوە.

سوودی لەو زمانانە وەرگرتووە بۆ خوێندنەوەی سەرچاوە ئەدەبیو ئاینیو زانستییەکانو لەو رێگەیەوە خۆی پێگەیاندووە.

خانەقاکەی هەمیشە دەرگای کراوە بووە بەسەر رێبوارانو غەریبانو هەژاراندا و بۆیان هەبووە سێ ژەمە لەوێ نان بخۆن. رێبوارانو غەریبانیش شەوانە ماونەتەوە. لەکاتی قاتوقڕی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا، ئەو خانەقایە سکی هەزاران کەسی برسیو نەداری تێر کردووەو لەمردن رزگاری کردوون.

هەروەها ئەو خانەقایە جێژوانی شاعیرانو نووسەرانو ئەدیبان بووەو لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانەوە روویان تێکردووەو بەدیداری سەید ئەحمەد شادبوون، کە پیاوێکی بەویقارو قسەخۆشو زمانپاراو و ئەدەبدۆست بووەو سەدان پارچە شیعری شاعیرانی کوردو عەرەبو فارسو تورکی لەبەربووە.
شاعیرانی وەک (پیرەمێرد، گۆران، زێوەر، بێکەس، دڵدار، شێخ رەزا، ئەسیری، سابیری، وەفایی، شێخ محەمەدی خاڵ، عەلادین سەجادی، بێخود، مەلای گەورەی کۆیە، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، مەلا فەندی، عەبدولرەحمان بەگی بابان) و چەندانی تر سەردانی سەید ئەحمەدیان کردووەو لەلای ماونەتەوە.
شانازییەکی دیکەی نەتەوەیی ئەو خانەقایە ئەوەیە کە سروودی ئەی رەقیب وەک شیعرو وەک ئاواز لەهەناوی ئەودا لەدایک بووە، شیعرەکە لەلایەن شاعیری ناسراو دڵدارو ئاوازەکەی لەلایەن شێخ حسێن بەرزنجی لەو خانەقایە دانراوەو بەگوێی خەڵکدا دراوە.
سەید ئەحمەد هێندە حەزی بەمەجلیسو هاورێیەتی شاعیران کردووە، ساڵی ١٨٩٩ لەگەڵ پیرەمێردو وەفاییو چەند خزمێکیدا چووە بۆ حەجو لەدوای بەجێهێنانی فەرزی حەجو لە گەرانەوەیاندا لەبیابانی حیجاز، وەفایی نەخۆش کەوتووەو وەفاتی کردووە. سەید ئەحمەدو پیرەمێرد بەدەستی خۆیان کفن و دفنیان کردووەو لەو بیابانە ناشتوویانە. پیرەمێرد لە یاداشتەکانیدا ئەڵێ: سەید ئەحمەدی خانەقا زۆر سەغڵەت بووە بۆ کۆچی دوایی وەفاییو تا ئاوەدانی بەکوڵ بۆی گریاوە.
سەید ئەحمەد بەحوکمی پێگەی کۆمەڵایەتیی، ئینگلیزەکان زۆر جار ویستوویانە پلەو پۆستی باڵای بدەنێو تەنانەت بیشیکەن بە موتەسەریفی کەرکووک، بەڵام ئەو هەموو پۆستو پلەیەکی رەتکردۆتەوە.
هەر بۆیەش کە بەخواستی ئەوان نەجوڵاوەتەوە لەساڵی ١٩٢٣دووریان خستۆتەوە بۆ شاری بەسرەو دوو ساڵی دوور لەکەسوکارو خاکی نیشتمان لە ئاوارەیی بەسەر بردووە.
دواتر بەناچاری بۆشاری کەرکووکیان گەراندۆتەوە.
هەمیشە بەرپرسانی ئینگلیزو عەرەبو کوردو تورکمان سەردانی خانەقاکەیان کردووەو بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ سەید ئەحمەددا کردووە.

شێخ مەحموودی حەفید هێندەی خۆشویستووە، پێی وتووە بچێتە سلێمانیو ببێ بە حوکمداری کوردستانو ئەویش لەژێر فەرمانرەوایی ئەودا ئەبێ، بەڵام سەید ئەحمەد ئەوەشی رەتکردۆتەوە.
سەید ئەحمەد کەسایەتییەکی سادەو خۆشەویستی خەڵک بەگشتیو شاعیرانو نووسەران بەتایبەتی بووە. کەهێشتا لەژیاندا بووە، شیعرو وتاریان لەسەر نووسیوەو ستایشی میهرەبانیو دڵسۆزیان کردووە.
یەکێک لەوانە پیرەمێرد بووە کە لە رۆژنامەکانی ژینو ژیان وتاری لەسەر نووسیوەو بەرێزەوە باسی کردووەو وەک پیاوێکی هەڵکەوتوو و ناودار وەسفی کردووەو بەدڵێکی خەمگینەوە نوسیویەتی: (ئەگەر سەید ئەحمەد نەمێنێ، نەک کەرکووکو سلێمانی، عالەمی کوردەواری دەبێ چی بکەن؟ چونکە نایەتە عەقڵەوە یەکێکی تری وا هەڵکەوێتەوە)!.
پیرەمێرد باسی ئەوەشی کردووە کە سەید ئەحمەد دەنگیشی خۆش بووەوچەندین جار گوێی لەدەنگی بووە کە لەبەر خۆیەوە مەقامی چریوە دەنگی بەسۆزو خۆش بووە.
شێخ مارف بەرزنجی شاعیر بۆ کۆچی دوایی ئەم دێرە شیعرە نووسیوە:

**فەسڵی خەزان چ زوو هات، فەسڵی بەهار چ زوو چوو**
**ئەمشەو سالاری سادات بە میوانی بەهەشت چوو.**

ئەدمۆنز لە کتێبی( کوردو تورکو عەرەب)دا وەک دیارترین کەسایەتیی شاری کەرکووک باسی ئەکاتو نوسیویەتی: (کەسێکی سادەو خاکی بووەو هەردەم دەرگای بەرووی خەڵکدا کراوە بووە، زۆر قورس بوو کۆنترۆڵ بکرێ)!
زێوەر لە کتێبی «گەنجینەی مەردان»دا سەبارەت بەسەید ئەحمەدی خانەقا ئەڵێ« لەساداتی بەرزنجەیە، حاجی و غازی و سەخی و رووخۆش ولەتیفە گۆیە،سفرەی سەخاوەتی بۆ پیرو جوان، بۆ ئەهلی لادێ و شارستان راخستووە، فەخری کوردستان و شێری مەیدانە.زۆر ئەدیب و عاقل و سیاسی و داناو ئیشزانە.
ئەم شیعرەشی بۆ نووسیوە

**جەنابی شێخ محێدین لەهەولێر**
**ئەکا رووت و فەقیران پۆشتەو تێر**
**لە کەرکووکا جەنابی سەید ئەحمەد**
**لەبۆ خزمەت موهەیایە وەکو شێر**

ساڵی ١٩٤٧ ئەدمۆنز لەگەڵ تۆفیق وەهبی بەگدا بۆ خواحافیزی سەردانی سەید ئەحمەدی خانەقا ئەکاتو

لەکۆتایی دیدارەکەدا سەید ئەحمەد دێرە شیعرێکی حافزی شیررازی بۆ ئەدمۆنز بەفارسی ئەخوێنێتەوە کە ماناکەی ئەوەیە«تەمەنتان هەر بەردەوام ئەی ساقییەکانی بەزمی "جەم"گەرچی پێکی مە، نەبوو پڕ، قەت لە دەورەی ئێوەدا». ئەوەش توانجێک بووە لە ئەدمۆنزی داوە کە کورد لەسەردەمی ئینگلیزەکاندا هیچی دەستنەکەوتووە.

ئەم کەسایەتییە مێژوویی‌و ناودارەی کوردستان، پاش خزمەتێکی زۆر بە کایەکانی کوردایەتی‌و ئاینی‌و زانستی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئەدەبی‌و رووناکبیری، لە رۆژی ١٨ی تەمووزی١٩٥٢ کۆچی دوایی کردو لەخانەقاکەی خۆی لەرێو رەسمێکی رەسمی‌و میللدا بەخاکی نیشتمان سپێردرا.

مردنی سەید ئەحمەدی خانەقا، کۆستێکی گەورە بوو لەسەرانسەری کوردستان‌و عیراقدا‌و بووە خەمی هەموان‌و هەریەک بەشێوەیەک تەعبیری لەو کۆست‌و خەمە کردو زۆربەی شاعیرانی کورد بەشیعر شیوەنیان بۆ گێرا.

مەلا جەمیل رۆژبەیانی سەبارەت بەمەرگی سەید ئەحمەدی خانەقا نووسیویەتی:(دیواری کۆشکی کوردایەتی لەبناغەوە لەرزی‌و کەوتە داتەپین‌و نیمچە فەرمانڕەواییەکی کورد روخا، خەم‌و ماتی بەسەر کەرکوک‌و کوردستاندا هێنا‌و هەموو کوردی خستە شین‌و واوەیلا)!.

د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ زۆر سەرسام بووە بە بنەماڵەی خانەقا‌و کەسایەتیی سەید ئەحمەدی خانەقا، بنەماڵەی خانەقای بەبنەماڵەیەکی ناودارو خزمەتگوزارو مەرد پێناسە کردووە.

لە وەسفی سەید ئەحمەدی خانەقاشداوتویەتی:(پیاوێکی گەورەی کورد بوو،دەبێ ژیان‌و کردارو نیشتمانپەروەری ئەو بکرێت بەدیمەنێکی گەورەی شاری کەرکوکی نازداری کوردان).

شێخ رەزای تاڵەبانیش ئەم شیعرە رەخنە ئامێزەی بۆ سەید ئەحمەد نووسیوە:

سێ شت هەن بێ موسەمما هەروەکو ئاوی بەقا
تەیری عەنقا، شاری جابولقا، پلاوی خانەقا
خانەقا تۆبە لەسەیدئەحمەدو نان و خوانی
لەتەعامی شێلم و بامیەو باینجانی

درودی رێزو وەفاو ئەمەکداری بۆ گیانی پاکو پیرۆزی سەید ئەحمەدی خانەقا نیشتمانپەروەری جوامێرو ئیمانداری کراوەو خزمەتکاری بەئەمەکی خەڵک.



سەرچاوە:
سوود لە راپۆرتێکی پەیجی (پەیسەر پرێس) لەسەر «سەید ئەحمەدی خانەقا» وەرگیراوە.

**تۆ ئەگەر**
**ناوی گوڵەکانت بژماردایە**
**ئەو ناوی رەنگەکانی بۆ تەواو**
**ئەکردی**
**تۆ ئەگەر باسی رووبارت بکردایە**
**ئەو ئاوی سەرچاوە و**
**هاژەهاژی بۆ باس ئەکردی**
**تۆ ئەگەر بتوتایە**
**ئەو شەرابە چەند ئاڵەئەو رۆژی**
**لەدایکبوونی پێ ئەوتی،،**

«شێرکۆ بێکەس»

# سەرکردەی شەهید د.عەبدولڕەحمانی قاسملو

د. عەبدولڕەحمانی قاسملو سیاسەتمەدارو روناکبیرێکی گەورەو دیاری نیوەی دووەمی سەدەی بیستە، سەرباری بایەخدانی بەبواری سیاسی، بواری روناکبیریشی لەبیر نەکردووە.قەڵەمەکەی خزمەتێکی گەورەی بەبوارەکانی مێژوو و ئابووریو روناکبیریی کوردستان کردووە.

ساڵی ١٩٣٠ لەناوچەی قاسملوی نزیک شاری ورمێ لەدایک بووە.

لەورمێو تارانو فەرەنساو چیکۆسلۆفاکیا خوێندویەتیو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا بووە.

کۆنفرانسەکاندا هەڵبژێردراوەتەوەو ماوەی ١٨ ساڵ لەو پۆستەدا بووە.

زمانەکانی کوردیو فارسیو تورکیو عەرەبیو فەرەنسیو ئینگلیزیو روسیو چیکی بەباشی زانیوە.

دکتۆر قاسملوو خاوەنی چەندین کتێبو نامیلکەو وتارو لێکۆڵینەوەیە، لەدیارترین کتێبەکانی ( کوردستانو کورد)و (چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی).

٣١ساڵ لەمەوبەرو بەدیاریکراوی لە١٣ی تەموزی ١٩٨٩ لەڤیەننای پایتەختی نەمسا، قاسملو و هاورێکانی تیرۆر کران و چوونە ریزی نەمرانی کوردستانەوە.



لەساڵی ١٩٤٥وە لەرێی رێکخراوەکانی لاوانو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئاوە تێکەڵ بەکاری سیاسی بووەو لەکۆنفرانسی سێیەمی ئەو حزبەدا لەساڵی ١٩٧١ بۆتە سکرتێری گشتیو لە هەموو

لەساڵرۆژی شەهیدبونیدا سڵاو بۆ رۆحی پاکو بێگەردی دکتۆر قاسملۆی سەرکردەی روناکبیری شەهیدو هاورێکانی

# ١٨ پاکیزەکەی ئەنفال نە گەڕانەوە



**دوای ٧ساڵ بە سێ منداڵەوە گەڕایەوە**

لێرەدا راستیەکی زۆر تاڵ دەخەینە روو، ئەویش هەڵویستی سەرکردەکانی کوردە بەرامبەر بە ئەنفا ل و ژەهرباران و جینۆسایدی کورد، گەر بڕوانینە رووداوەکانی کۆمەلکوژی ١٩٨٨و دوای ئەنفال، ئەوەی سەرکردەکانی کورد پارێزگاریان لە ئەنفال چی و جاش و خائین کردوە، هیچ سەرکردەیەکی تر لە دنیادا ئەو کارانەیان نەکردوە، ئەوان دەبن بە کەس و کاری و براو هاورێ ی مستەشار و ئەنفال چییەکان..دەیان پارێزن...جێگەو رێگەی شیاویان بۆ دابین دەکەن، موڵک و ماڵیان پێ دەبەخشن، موچەو خانەنشینیان بۆ دەبڕنەوە، ناو...نیشانیان، لە خائین و تاوانبارەوە دەکەن بە تێکۆشەرو نیشتیمان پەروەر. بۆ ئەوەی نەدرێن بەدادگا لەشوێنان حەشاریان دەدەن، لەم وڵاتەوە دەیانگەیەننە ئەو وڵات لە کام وڵاتی دنیادا، کام سەرکردەی دنیا، کام دادگا، بە بەڵگەنامەی موخابەراتی حیزبی بەعس دەڵێت تەزویرە، لەسەر بەڵگەنامەی ١٦٠١ کە لە موخابەراتی کەرکوکەوە نێراوە بۆ موخابەراتی گشتی عێراق لە بەغداد، ناوی ١٨ کچی تیایە، لە دوای ئەنفال لە کەرکوکەوە نێراون بۆ بەغداد، لەوێ وە نێراون بۆ وڵاتی میسر، لەسەرنوسین بڵاوکردنەوە ی ئەو بەڵگەنامەیە، لەسەر بەداداچونەکانی لیژنەی بەداداچون، وەزارەتی ئەنفال، کەس و کاری کچەکان، ئەنجومەنی دادوەری کوردستانبڕیاری دە سگیرکردن ودادگای بۆ عەبدوڵڵا کەریم و سێ کەسی تر دەرکرد، تەنیا عەبدوڵڵا رووی کردە دادگا سێ کەسەکەی تر، نەچونە دادگا.

بۆ ئەبێت چارەنوسی کچ وژنی کورد بە هۆی کورد بونیان رووبەرووی تراژیدیای تا سەر ئیسقان ئازاری کوشتندەیان بکاتەوە، لێرەداسەرکردەکانی کورد بەم تراژیدیایە چی دەڵێن، بڵێ ی بەمەش بڵێن سیناریۆیەکی دەست کردە:

.کچێک دوای ٧ساڵ بە سێ منداڵەوە دەگەڕێتەوە

کاریز بێکنستۆن دەڵێ :

- پیاوێک....کچەکەی دەسگیر کرا،٧ساڵ لە زیندانەکان دا بوو، باوکی نەیدەزانی کچەکەی بۆ زیندانی کراوەکاتێک کچەکەی بەردرا، بە سێ منداڵەوە خۆی کرد بەماڵا، باوکەکە داڵدەی کچەکەی نەدا، لە ماڵەکەی دەری کرد، ئەو دەیزانی کچەکەی هیچ تاوانێکی نییە، وتی :- من ناتوانم ئیتر کچەکەم لە ماڵەکەم دا بنێنیتەوە،

لەوکاتەدا ئەو باوکە ئەو قسانەی بۆ دەکرد م، چۆڕاوگەی فرمێسک بە چاوەکانی دا هاتنە خوارەوە.

لەم نیستمانی رەشەبای ژەهرو ئەنفال دا.دەیان..سەدان....هەزاران....تراژیدیای سامناک لە کچ و ژنی کورد رووی داوە، کەچی سەرکردەکانی کورد دەڵێن بەڵگەنامەی ١٨ کچە پاکیزەکەی کورد تەزویرە، کورد خاوەنی ئەم سەرکردانە بێت ئەنفالی تری ماوە.

**عەبدوڵڵا کەریم مەحمود**

سەرچاوە:

+ عەبدوڵڵا کەریم مەحمود : رەشەبای ژەهرو ئەنفال، بەرگی دووەم
+ کاریز بێکنستۆن: کێ دەمبات بۆ ئەو شوێنەی هیچ کاتێک بۆی نەچوم؟ وەرگێرانی لە سویدییەوە :سەمەد ئەحمەد، ژمارە ٣٢٩ کوردستانی نوێ

# گەرانەوەیەک بۆ ژیان و تێکۆشانی پێشمەرگایەتی

## مەسولیات

زووربەی بارەگاکـانی سـەرکردایەتی ئەو کـاتەی شـۆڕش لەو دۆڵەدابوون، کە ملـی هەر جێگایەکـت بگرتـایە هەوراز و هەڵـدێر بوو، بەگشتی شوینەکە سەخت و لەبار بوو، بۆ ئەوکاتە.
هەر کاتیک لە ئەرکەکانی خۆمـان تەواو بوینـایە، تەنها شـتێ کە کۆی دەکردینەوە و خۆشحاڵێشێ دەکردین.
گفتوگۆ و سەرنج گۆرینەوە و باسـکردنی شـۆڕش و بەرگـری و خـۆ پـڕ چەک کردنـی فکـری بـوو، زۆر شـەویش رادەرێکـی سەرکردایەتی دەهاتو و بابەتیک باس دەکرا و دەبوە گفتوگۆ، کە بەراستی بەسوود بوو و ڕادەی ڕۆشەنبیری پێشمەرگەی پـێ بەرز دەبۆوە.
ئەندام بوون لە (کـۆمەڵە) دا زۆ زەحـمەت بـوو، دەبـوایە ئەلـقەی ڕۆشەنبیری - پاڵێوراو - ئەندام، ببرییایە کە هەبـوو دوای چەنـد سالێ بە شانازیەوە دەبوە ئەندامی ( کۆرەک).
لە سەربانی ناوەندی لە گەرمەی گفتوگۆی ئەودا بووین...
کە ئایە کورد میللەتیکی شۆرشگێر و قارەمانە.
شەهید پۆلا( ئەندام کۆرەک ) - دلاوەر قادر ( ئەندام کۆرەک - فەرهاد ئەحمەد( پاڵێوراو) - من (پاڵێوراو).
بەبەتەکەمان گەرم بوو، بڕیـار درا دانیشـین و بەسـەرە بۆچـونی خۆمان بەیان کەین، ووتیان لە تۆوە:
ووتم ئێوە سەرەتا و من کۆتاییەکەی.
هەر یەکەیان بە چەندین نمـونە، باسـی ئـازایەتی و قارەمـانیەتی رۆلەکانی کوردیـان کـرد، هاوکـات بە حەماسـەوە باسـی خـۆ بە شەهید کردنیان دەدا کە چەندین قارەمان تا ئەو کاتە لە زیندان و شار و شـاخدا، بـۆ تەسـلیم نەبـوون بەو پـلە پـڕ شـکۆمەندییە گەشتون و وانەی بەرگریان جوانتر و پیرۆز تر کردبوو .
کە نۆرەی من هات، دەمزانی ووتەکانم بە دلی ئەوان نابێـت، بەڵام هەر ووتم.
پم وانییە کورد ئەوەندە شۆرشگێر و ئـازا بێـت کە هەرسـێکتان باستان لێوە کرد، من بە پێچەوانەوە دەبیینم (کورد......... ) ە.
بە سەرسـامیەوە سـەیریان کـردم و بە رەخـنەوە ووتیـان، چـۆن دەبێت کەسێکی پەروەردەی (کۆمەڵە) ئەوە بیروباوەری بێت.
بۆ ئەوەی ئاساییان بکەمەوە و لەو تووڕە بونە رزگاریان بـکەم و هەڵە تێم نەگەن، دەبوایە بەڵگەیەکم بهێنایەتەوە.




ووتم:
ئێمە لەم کاتەدا زیاتر دەبین لە سێ یان چوار هەزار ؟
وویان: نا نابین.
ووتم: گەر لایەنەکانی تریش هەژمار بکەین، لەوانەیە بگەینە پێنچ هەزارێک.
ووتیان: وایە.
ووتم: گەر ڕێکخستن و دلسۆزە ڕاستەقینەکانی شـاریش حسـاب بکەین ئەوا چوار ئەوەندەی ئەوەی شاخە،
ووتیان: وایە.

ووتم: ئا لەم کاتەدا نزیکەی زیاتر لە ١٨٠ هەزار چاش هەیە، کە هەندێکیان لە بەعس پیستر و خراپتن.
دەی حسابی بکەن لە چەند ملیونەی کورد شۆڕشگێڕەکەی زۆرترە یا خائنەکەی.
ووتیان: بێشک خائینەکەی.
ئەگەر چی ئەو ڕاستیەناشمان دەزانی، بەلام وەک ئەرکێکی نیشتیمانی کورانی دڵسۆزی کورد بەردەوامیان بە خەبات دەدا و لەو ڕێگایەدا هەزاران دوای تۆمار کردنی داستانی گەورەی پڕ وەفایی بۆ خاک و شەهیدان، گیانیان پێشکەشی گەلەکەیان کرد و بەرگەی هەموو ناخۆشی و خەم و خەفەت و سەرما و گەرما و نەبوونی و برسیتیەتی و تینویەتیان گرت و کوردیان گەیاندە ئەم ڕۆژە .
بەداخەوە دوای ئازادی، جارێکی تر دز و درۆزن و نۆکەرانی دوژمن و جاشەکان زیاتر سوودیان وەرگرت لە کەس و کاری شەهیدان و پێشمەرگە دێرینەکان کە ژیانیان بۆ ڕزگاری بەخت کرد و ئێستەش ئازار دەچێژن بەدەست ئەو نایەکسانییەی کە هەندی حیزبی نامەسول سەپانی بەسەیاند.
پێشمەرگە بە دلسۆزی مەسولیاتی وەرگرت و جوان جێبەجێ کرد، مەسولیاتی ئەمڕۆ...... ئەوەیە کە خۆتان دەیبینن.

**تیبینی :**

**هەر بەرێزیک پرسیاری ئەوکاتانەی هەبوو، لە کۆمیتەکان وەلامی دەدەمەوە، بۆیە بابەتەکەم کورت کردۆتەوە.**

**وینەکە: سەرگەڵوو ١٩٨٢**

# تورکیاو پارتی دیموکراتی کوردستان

# دەستێک لەنێو تەڵەو سەرێک لەبەردەم چەقۆی قەساب

**#ڤین: کامەران مەنتک**

زۆر کەس واتێدەگات، کە پەیوەندیەکی پتەو لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیادا هەیە، ئەو بیرکردنەوە ساویلکەیە گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی ساڵانە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان، چەندین توێژینەوە دەربارەی پەیوەندیەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردستان بنووسرێت، کە لەراستیدا هیچ پەیوەندیەک لەنێوان تورکیاو هەرێمی کوردستاندا نیە، تا ئێستا تورکیا وەک قەوارەیەکی سیاسی مامەڵە لەگەڵ هەرێم ناکات، بەڵکو وەک هەرەشەیەکی جوگرافی سەیری ئەم بەشە دەکات و تەنانەت بە بەشێک لە خاکی تورکیای لە دەستدراویشی لە قەڵەم دەدات، کەکار بۆ گەڕانەوەی دەکات، ڕاستە قونسوڵگەری تورکیا لە هەولێر هەیە، بەڵام ئایا تورکیا ڕێگای داوە، کە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە تورکیادا هەبێت، ئایا ئەو کونسوڵگەرییە کاری کونسوڵگەرییەکی ئاسایی دەکات، یاخود پێگەیەکی گرنگی تورکیایە لەهەرێم بۆ گەڕاندنەوەی ویلایەتی مووسڵ!
لە ڕاستیدا پەیوەندیەکەی تورکیا لەگەڵ پارتێکی سیاسی و بەشێوەیەکی وردتریش لەگەڵ بنەماڵەیەکی سیاسیە، ئەو ناوچانەی لەژێر دەستدایە، کە هاوسنوورە لەگەڵ تورکیاو کونسوڵگەری تورکیاش لەهەرێم کار بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەشە دەکات، نەک کاری تر، واتە وەک بەشێک لە دەزگایی هەواڵگری تورکیا کاروباری داگیرکردنی هەرێمی کوردستان، کە ئەوان دەڵێن باکووری ئێراق، یاخود ویلایەتی مووسڵ بەڕێوە دەبات، تەنانەت دەتوانین بڵێین تورکیا هیچ پەیوەندیەکی سیاسیشی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا نیە، بەڵکو وەکو هێزێکی خێڵەکی سەیری دەکات و لە پێناو بەرژەوەندی و ستراتیژیەتیەکانی خۆی بەکاریدەهێنێت، بۆیە لە هەر گۆڕانکاریەکداو هەر کاتێک ئەو کارە بەکۆتا هات، ڕەنگ بێت پارتی خۆی ببێتە یەکەم قوربانی دەستی تورکیا، پێناچێت کاتێکی زۆریش بۆ ئەو قوربانی بوونە مابێت، چونکە ئێستا تورکیا گەیشتۆتە قۆناغێک توانیویەتی نەک کایە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، تەنانەت کایە گرنگەکانی ناو خودی ئەو حزبەش کۆنترۆڵ بکات، ئەمە جگە لەوەی ناوچە هەستیارو ستراتیژیەکانی ژێر دەستی ئەو پارتەشی کۆنترۆڵ کردووەو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئابڵووقەکەی سەری بەر تەسک دەکاتەوە، تەنانەت ناوچەی بارزان، کە بنکەی سەرەکی پارتیە، لە ئێستادا کەوتۆتە بەر ڕەحمەتی سوپای تورکیا، ئەمە سۆنگەی ئەوەیە لە ئێستادا پارتی هاواری لێهەڵسێت و هوشیار زێباری داوا لە حکومەتی ئێراق بکات سنوورێک بۆ تورکیا دابنێت، بە بێئەوەی هەست بەوە بکات، کە لە بنەڕەتدا گەمەیەکی سیاسی لەنێوان تورکیاو ئێراقدا هەیەو هەردوولایان

هاوبەرژەوەنــدین لــە بچووککردنــەوەی چوارچێــوەی هــەرێمی کوردستان!

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئارا، ئایا گریمانەی ئەوە دەکرێت رۆژێک تورکیا پـارتی و سـەرکردایەتیەکەی وەک پرۆژەیـەکی سیاسـی تەسلیم بە ئێراق، یاخود هەردەوڵەتێکی تـر، یـا هـەر دەزگایـەکی نێونەتەوەیی بکاتەوە؟ یاخود بەلایەنی کەم دەستیان لێبـەردات و گورگان خواردوویان بکات؟ بـە داخـەوە وەڵامـی ئـەو پرسـیارە بەڵێیە، چونکە تورکیا ئەزموونێکی زۆری لەم بوارەدا هەیە و ئەو سیاســەتێکی پراگماتیکیانــە جێبەجێــدەکات، نمونــەی ئــەم سیاسەتەش روون و ئاشکرایە، وەک سەرۆک وەزیرانی پێشووی تورکیا داودئۆغلو لە وتارێکیدا ئاماژە پێدەکات، چۆن تورکیـا لـە سەردەمی ستالین ئازەربایجانیەکانی تەسلیم بە یـەکێتی سـۆڤیەت کردەوە، لە ئێستاشدا بە هـەمان شـێوە، پـەنجا هـەزار کـەس لـە بەرهەڵسـتکارە ئیگۆریـەکانی، کـە پەناهەنـدە بـوون لـە تورکیـا تەسـلیم بەتاجیکسـتان کردۆتـەوە، بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی ناراسـتەوخۆ تەسـلیم بـە چـین بکرێنـەوە، جـا ئەگـەر تورکیـا ئیگۆرەکان، کە بەرەگەز تورکن و دەکەونە چوارچێـوەی پـرۆژەی تووارنی گەورە، تەسلیم بەچین بکاتـەوە، بـۆچی ئاسـایی نابێـت رۆژێک سەرکردەکانی پارتی و تەنانەت سەرکردەکانی حزبەکانی تریش، کە لەژێرەوە دەستیان لەگـەڵ تێکـەڵکردووە، تەسـلیم بـە ئێـراق، یـاخو بـە هـەر دەولـەتێکی تـر بکاتـەوە!؟ ئەمـە ئـەوە دەردەخات، کە پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـە ئێسـتادا نـەک بەهێزترین حزبـی کـوردی نیـە لەباشـوور، وەک بانگەشـەی بـۆ دەکرێت و دەهۆڵی بـۆ دەکوترێـت، بگـرە حزبێکـە پـڕ بـەواتای وشەکە بە بارمتە گیراوە، لەدۆخێکی زۆر هەستیارو ئاڵۆزدا دەژی و دەستی کەوتۆتە ناوتەڵەی تورکیاو سەریشی کەوتۆتـە بـەر دەم چەقۆی قەساب.

-- بەشی دووەم ---

وتی هەواڵمان بۆ هـاتووە کـە پیرەژنێـک لـەم دێ یـە بـەجێماوە هاتوین لەگەڵ خۆمان بیبەین بۆئەوەی لە بـرس و تینـوا نـەمرێ، هەروەها ووتی شێخ نەجم ئێمەی داناوە هەر رەسمی پێشـمەرگەو ماڵـە پێشـمەرگە کۆکەینـەوەو بیسـوتێنین بـۆ ئـەوەی دەسـت حکومەت نەکەوێ

(شێخ نەجم یەکێ بوو لە مستەشارەکان و لەو ناوچەیەبوو)

ووتم باشە، دیارە ئێوە خەڵکی دڵسۆزن و شۆڕش پێویسـتی بـە هــەموان هەیــە و ئــەبێ هــەموومان هاوکــاری یــەکتربین دژ بە دووژمن، حەزئەکەین شەو بێینە لاتان و ئەو برادەرانەی تریشتان بناسین بۆ ئەوەی پەیوەندیمان بە یەکەوە هەبێت بۆ هەواڵ و کاری پێویست، ووتی نـا کاکـە بـەهیچ شـێوەیەک لێمـان نزیـک مەکەونەوە عەسـکەریمان لەگـەڵ دایـە، ئێـوارەش دەمـەو تـاریکی دووسـێ ئـافرەت لای بنکەکەی(ڕەبیعـە) ئێمـەوە دێنـە خـوارەوە خەڵکی ئەم دێ یەن ئاگادار بن و خەڵکی مەدەنین

هاتوون کەلوپەلی ناو ماڵیان بەرن، شەوانیش ئاگاتان لـە خۆتـان بێت مەفرەزەی طەواری دێنە ئەم دێهاتانـەو ئـەزانن پێشـمەرگەی تاک و تەرا بۆ خواردن ئەگەڕێن .

( لایەک ئەی ووت عەسکەریمان لایە، لایەک یەی ووت خەڵکمان لایە ئاگاتان لێیان بێ تەقەیان لێ مەکەن هاتوون شتەکانیان بەرن و خەڵکی ئەم گوندەن )!!!

ووتم دەنگ و باسی ڕیگـا چۆنـەو چـی هەیـە، ئەمانـەوێ بـەرەو هەمەوەند بڕۆین و خەبەر نازانین کێ لەو باوچەیەیە ؟

ووتی نازانین بەڵام هیچی خراپمان نەبستووە.

بە پێچەوانەی رۆشتنمانەوە پرسیاری ڕێگامان لێ کردن

دیاربوو ئەو وەڵامانەی ئەیان داینەوە هەر کاتی بوو هیچ شـتێکی مەبدەئی پێوە دیار نـەبوو، دوسـێ پـاکەت جـگەرەی سـۆمەریان داینـێ و رۆشـتن دواتـر زانیمـان کـە درۆ ئەکـەن و بـۆ ئـەوە نەهاتوون کـە خـەڵک لـە مـردن رزگـار بکـەن بـەڵکوو بـۆ ئـەو تەنکـەرەئاوانە هــاتبون کەئــاوی خــواردنی تیــا مــابووەوە بەلوعـەکانیان بـەردابونەوە بـۆ ئـەوەی ئاویـان تیانەمێنێـت و پێشمەرگە کەڵکیان لێ وەرنەگرێ .

ئەوان بەرەو بنکەکەی خۆیان رۆشتن جیابوینەوە، بەڵام دیار بوو تەنها جاشی خەفیفە بوون و لەو جاشانە نەبوون کە دەستیان بـە خـوێنی خـەڵک و پێشـمەرگە سـوور بوبـو، بۆیـە دوای خۆیـان ئیخباری یان نەکردین و هیچ روینەدا .

(ئەم گوندە نزیک چەمی باسەرەیە ناو گوندەکەسەرچاوەی ئـاوی تیانی یە، لەخوار ئاوایی یەوە کانییەکی باشی لـێ یـە کـە بەشـی خواردنەوەی گوندەکە ئەکات بۆ ئیشووکاری ناوماڵ ئاوی چـەمی باسەرەیان بەکار ئەهێنا بۆ ئەم مەبەسـتەش تەنکـەری گـەورەیان بۆ ئاو هینـان هێنـابو کـە بـەهۆی تراکتـۆرەوە هاتوچۆیـان پـێ ئەکرد، لە چەمەکە پڕیـان ئـەکردو ئـەیان هێنایـە نـاو گونـدەوە گوندەکە چەندین تەنکەری گەورەو بچووکی تیا بـەجێمابوون و ئاویان تیامـابو ئێمـە ئیسـتفادەمان لـەو تەنکەرانـە ئـەکرد، ئـەو رۆژگارەش جیاوازی بەینی ئاوی خواردن و کارکردنی نەهێشـت بوو ئاوی تەنەرەکان بۆ هەموو پێوتستی یەکان بەکار ئەهات)

جاشەکان ئەوەندەیان ڕاست کرد دەمـەو ئێـوارە چەنـد ئـافرەتێ هاتنە ناو گوندەکەوە و ئێمە خۆمان پیشان نەدان .

ئەو برادەرانەی کە بەیانی بەجێمانهێشـتن هاتنـەوە لامـان، نـانی ئێوارەمان خواردووخواردنی پێویستمان هەڵگرت و بەرێکـەوتین بەرەو گوندەکانی مەملەحە و قەیتول لەوێشەوە بەرەو هەرێنەو

گۆلباخەکـان و تیلەکـۆ دواتـر بـۆ کۆیـک و فـەقێ مسـتەفا و کوردەمیرەکانی سنوری گەرمیان .

ئیتر شارەزایی ئێمە بەتایبەت رەحمان و عومەر تەواو بو چووینە سنووری ٥١ ی گەرمیان، پاش ریگە برینێکی زۆر و رێگا ونبون بە مانـدوێتی گەیشـتینە کۆیـک لەوێشـەوە بـۆ (کوردەمیرەکـان) مـاوەی چەنـد رۆژێـک مـاینەوە هەیـچ دەنـگ نەبـو، رۆژ بەرۆژ دەئەکەوت کە ئەو بارنـامەیەی بـۆی هـاتوین لەبیرکـراوەو هەر قسەبووە . پاش گرژی نێوانمان گەرامەوە بـۆلای کـاک عـومەرو کاک رەحمان و مەسەلەکەم بۆ گێرانەوە .

ئێمە بریاری گەرانەوەمان دا بێ ئەوەی شـارەزای رێگامـان لەگەڵ بێت. برادرێکی تـریش کە لەوێ ناسـیمان نـاوی شـاخەوان بـو پێیخۆش بو لەگەڵ ئێمەبێت .

دەمەو ئێوارە بەری ئەکەوتین، بۆ ئـەوەی بـە شـەو ئەو ریگایانـە ببرین وبگەینە وە سنورەکانی تیپـی ٥٧ ی سـەگرمە، بـەرۆژیش ئیسراحەتمان ئەکردو خواردنی ریگامان دروست ئـەکردو لەگـەڵ خۆمان هەڵمان ئەگرت

پێش ئەوەی بکەوینە رێ (حەڵوا ) مان دروستکرد (ئاردەوا) دیار بو رۆنمان زۆر تێ کردبو چەور بوو هەموومان توشی سکچوون بوین من تەندروستیم خراپتر بو لەبرادەران .

گەیشتینە گوندی( کۆیک) سەگێک لەسەر نیوفەردە ئارد بوو لێـی ئەخوارد ئێمەش پێویستمان بە ئاردەکەبو عومەر ئەی ویست لـێ بسەێنێت و لەگەڵ خۆمان بیبـەین سـەگەکە نـەی دەهێشـت،عومەر ووتی خەمت نەبێ لەگەڵتا بەشی ئەکەین بەشیکی بۆ تۆو بەشیکی بۆ ئێمە، ئیتر ئاردەکە بەش کرا، بەشێکی ژێـرەوەی ئاردەکەمـان بۆخۆمان جیا کردەوەو لەگەڵ خۆمان بردمان بەشی سەرەوەی کە لیکی سەگەکە تەری کردبو بۆ خۆیمان بەجێ هێشت .

گەیشـتینە گونـدی ( فەقـێ مسـتەفا ) مـن بـەهۆی حەڵواکـەوە تەندروستیم باش نەبو

نەم ئەتوانی باش رێبکەم بۆیە داوام لـە بـرادەران کـرد لـە فەقێ مستەفا بمێنینەوەو ئەگەر بشکرێ ئاردەکە بکەین بە نان،

کاک عومەر بەباشی نـەزانی بچـین لـەناو دێ دا بمێنینـەوە لەبـەر ئەوەی مەترسی ئەوەی لـێ ئـەکرا دووژمـن هێـرش بکـاتەوە بـۆ سوتاندنی پاشماوەی دیوارە روخاوەکانی .

لەدەرەوەی دێ لەپاڵ گردێکا ماینەوە، بەیانی زوو دەنگی کۆپتـەر دەستی پێ کردو ( قسەکەی عومەر هاتە دی) تـا ئێمـە هەسـتاین، خۆمان کۆ نەکردبووەوە گەیشتنە سەرمان، ئەوەندەی فریا کەوتین بـەرەو هەردەکـەی شـەوو لێـوەی هـاتبوین گەرایـنەوەووە و ئاردەکەشمان بەجێما، نەگەییشـتبوینە ئەوبـەر دێیەکـە جاشـەکان هاتنە شوێنەکەمان کە ئێمـەیان بینـی چەنـد گولەیـەکیان بەسـەرا تەقاندین و نەهاتن بە دواماندا تەقەکانیش بە قەستی کوشتن

نەبو، هەر بۆ ئەوەبو بڵێن ئاگامان لێتانە، ئێمەش لەبەر هاتوچۆی کۆپتەرەکان نەمان ئەتوانی ئەوناوە بـەجێ بهێڵـین لەبـەر ئـەوەی دەشتایی بـوو دەر ئەکـەوتین، لـەو نـاوەدا خۆمـان شـاردەوە تـا کۆپتەرەکان دورکەوتنەوە، خۆمان گەیاندە ئەودیو دەشتایی یەکەو بەو ماندوێتیەوە گەراینەوە بـۆ لای مەفرەزەکـەی تیـپ کەپێشـتر بەیەکەوەبوین .

کە گەراوینەوە لایان خەمێکی تریان زیـاد کـرد ! بـۆمن جێگـای پرسیار بوو، کە وەڵامەکە لای خۆیانە بە ئێستاشەوە) هـەرچۆنێ بوو ماینەوە.

شەهید( حەمە رەش) و( شێخ کەریم) و( شـەهید مـەلا ئەحمـەد)و مەفرەزەکەی تیپی  پەیوەندی یان بە یەکـەوە کـرد بـو کـە یـەک ببینن، بۆ شەوی دواتر هەموو یەکمان گرتـەوە، بەراسـتی بینینـی شـەهید حەمـەرەش بـۆ ئێمـە بوژانـەوەبو، بەتایبـەت پێشـتریش یەکمان ئەناسی، ئەوشەوە خۆش بوو حەیوانێکیان سەر بریبـو لە ناو تاریکی شـەوداو لەژێـر کەڵـۆزو تاشـەبەردا نانمـان خـوارد، شەهید محەمەد خەریکی کولیچە دروست کردن بوو(هەر هەویربـو لە رۆنا سورئەکرایەوە ) بە تەلی هێڵەک شکڵەکەی دروست ئەکرد و لە رۆنا سوریان ئەکردەوە، بۆ ئەو کاتە بەتام بوو.

بۆ بەیانی لەگـەڵ شـەهید حەمـە رەش قسـەمان کـرد، بێـزاری و بێمتمانەیم لە ( تیپ) دەربری، باسی ئـەو بەڵێنانـەم بـۆ کـرد کـە دابومـان بە هێـزەکەی تیپـی ٥٧ وهیچـی بـەجێ نەگەیەنـراوە و برادەران لە هەمەوەند و دیوی سەرگرمە چاوەرێ ی ئێمـە ئەکـەن کە بگەرێینەوە بۆلایان

کەسیشمان شارەزانین پێویستیمان بە شارەزاهەیە، شەهید حەمـە رەش ووتی من شارەزاتان لەگەڵ ئەنێـرم، پـێم ووت ئێمـە ئەگـەر برادەران نەدۆزینەوە هەوڵئەدەین بچـین بـۆ مەڵبەنـدی ٣، ئەگـەر بۆشمان نەکرا ئەگەرێینەوە بۆ ئێرە ئەگەر پێتان خۆشبێت لەگـەڵ ئێوە ئەبین .

شەهید حەمەرەش وەک پیشەی هەمیشەیی خەمخۆر بەهەڵوێسـت بوو، ووتی هەرکات بێنەوە بۆ ئێرە من شانازیشتان پێوە ئەکـەم، مادام وایە ئەگەر برادەرانی تیپـی ٥٩ ی حـەمرینتان بینـی کـاک شێرکۆ (( شەهید شـێرکۆ جـدی))لەگەڵ ئەوانە بەداخـەوە دواتـر شەهید بوو، ئاگاداری بکەن کە یارمەتی یەکـەمان بـە ئێـوەدا بـۆ بنێرێ و ئەگەر داینێ لێێ وەربگرن و لەگەڵ خۆتان بۆمان بهێـنن .

بۆجاری دووهەم رێگامـان گرتەوەبـەر شـەهید حەمە رەش کـاک عومەر سەنگاوی و برادرێکـی تـری شـارەزای لەگەڵ نـاردین تـا قەیتول لەوێوە ئەوان گەرانەوە بۆلای برادرەران . ئیتر هەر

سـێکمان شـارەزای ڕێگـابوین چـوینە گونـدی (خـوێلێن ) و دەستمان کرد بە خواردن کۆکردنەوە .

ناوچەکە چۆڵ وهۆڵ بوو ئەوەی مابوو وولاخـی بـەرەڵا، سـەگ، پشیلە کە لە دەوری گوندەکانی خۆیان مابونـەوە ئەچوینـە هـەر گوندێک لێمان نزیک ئەبونـەوەو دوامـان ئەکـەوتن کە گونـدەکە دور ئەکەوتیـنەوە ئەوان ئەگەڕانەوە نـاو دێ و دێـکەی خۆیـان بەجێ نەدەهێشت .

ئەوشەوە نەمان ئەویست ئەگەر کەسی ترلە ناوچەکە هـەبێ بمـان بینـێ، خواردنمـان لە وولاخێـک نـاو بەرەو گەڕاو کەوتینـە ڕێ بەرەو چراغەڕوتەو قاسـم بەگـزادە تـا گەیشـتینە سـەر جـادەی (چەمچەماڵ / سەنگاو) لـە وێشـەوە بـۆ گونـدی ئەحمـەد لـەوەن، هەسـتمان کـرد شـتێک بە دوامـانەوەیە کە ئەڕۆشـتین دەنـگەکە دەهات کەدەوەستاین دەنگەکە نەدەما ئەمە چەند جـارێ بـەردەوام بـوو کـە گەیشـتینە نـاو کـەلاوەکانی ئەحـمەد لەوەن بینیمـان گوێدرێژێک بەدوامانەوەیە، هەوڵمان دا لەخۆمانی دوربخەینەوە بـۆ ئەوەی شـوێنمان ئاشـکرا نـەبێت، ئێمـە ئـەو وولاخـەی خۆمـان بۆنەئەشاردرایەوە کە ئەبوایە زۆر لەدوور جێگاکەی خۆمان بمـان بەستایەوە ئینجا ئەمیش دوامان کـەوتبو لێمـان دورنەئەکەوتـەوە، بۆیە ناچار بوین بیگرین و دەست وقاچی بەیەکـەوە ببەسـتینەوە بـەجێ ی بهێڵـین، گرتمـان و بەسـتمانەوە بـەڵام ئەوەنـدەمان ڕێنەکردبوو ئەم جارەبە بەراکردن هاتەوەلامـان (وادیـار بـو زۆر ترسابو هەچۆنێ بو خۆی کردبووەوە) ئیتر بەدوامانداهات .

بەم شێوەیە گەیشتینەوە سـنوری هەمەوەنـد و لـەخوار گونـدی ( ماڵوڵە) وە چەند پەڵە مۆردێکی لێیە پێـی ئەڵـێن ( پەل مـۆردان) لەناو ئەو مۆردانەدا ماینەوە ولاخەکەمان لە دور خۆمان بەسـتەوە. لەبەر ئەوەی جیهازمان پێ نەبوو بـۆ پەیوەنـدی بـە برادەرانـەوە بکەین بۆ شەوی دوایی چووین ئەو جێگایانە گـەراین کـە لەگـەڵ (شەهید ئەردەلان) دامان نابوو، بۆ نامە دانان، هیچمان نەدۆزیەوە .

گەڕان بێ سودبوو، دڵنیاش بوین ئەگەر بەو جۆرە بەرەو سنوری کەرتـەکانی سـەرگرمە و بـازیزن بـڕۆین کـەس نادۆزینـەوە، ڕێ کردنیش بەو جۆرەو بەبێ هیوا ئاسان نـەبو. لەو چەنـد شـەوەدا کە لە گوندە سوتاوەکانی لای خۆمان بەشەو دەگەڕاین دووکەسی ناسی ناوچەکەمان بینی بۆ کەلوپەلی ناو ماڵیان هاتبونەوە بیبەن هـەواڵیان داینـێ کـە ئەوبرادەرانـەی دیـوی سـەگرمەو بازیـان هەموویان لەڕێی ( هەیەر ناوێکەوە کە بە هەیەرە کەچەڵ ئەناسـرا ) تەسلیم بونەتەوە و کەسی لێ نەماوە، ئـەو برادەرانـەی کـەرتی( سێی هەمـەوەن) دیـش کـە شـەهید ئـەردەلانیان لەگـەڵ بـو هـیچ دەنگیان نەبو هەموو تەسلیم بوبونەوە یان چوبونەوە شارەکان.

ناوچەکەش خواردنی تیـا نـەمابوو نزیـک بـو لـە چەمچەماڵـەوە خەڵکی گوندەکانیش کە چۆڵیان کردبو شتەکانیان لەگەڵ خۆیـان بردبو یان هاتبون بەشەو ئەیان بـردەوە ئـەم بارودۆخـە وای لـێ کردین بڕیاری ئەوە بدەین بگەڕیینـەوە بـۆ سـنورەکانی ( تیپـی ٥٩ی حەمرین) بۆ ئەوەی لەگەڵ برادەرانی تیپی ٥٩یەکبگـرینەوە، جارێکی تر بـەرەو خـوێڵێن ڕۆشـتینەوە بەوهوایـەی برادەرانـی تیپی ٥٩ بدۆزینەوە کە ئەوکاتە (کاک هێمن) سـەرتیپی بـوو، کـە گەیشتینە ئەو سنورە زۆری نەخایانـد لـە گونـدی (دێ ڕەشـە) ( سـیروان دێ ڕەشــەیی )و برادەرانــی ٥٩مــان بینــی و لەگەڵ برادەرانی ٥٩ی حەمرین یەکمان گرتەوە نـزیکەی ٥٠ پێشـمەرگە زیاتر ئەبون

بە هەمان شێوە ئەوانیش ئـەوەی مـابوەوە بـەش بوبـون بەسـەر سنورەکانی خۆیان دا

ئێمە لەگەڵ ئەومەفرەزەیەی سیروان ماینەوە زیاتر هۆکەشی ئـەوە بو پێشتر هەموو لـە کـەرتی سـێی هەمەوەنـد بەیەکـەوە بـوین و فەرمانـدەی کەرتــی ٣ی هەمەوەنــد بــوو، بــەڵام ئێسـتا بوبـو بە(جێگری تیپی ٥٩ ی حـەمرین ) ئـەو مەفرەزەیـەی ئێمـە پێـک هاتبو لە

١- مارف ناسراو بە( سیروان دێ ڕەشەیی) لە ژیاندا نەماوە
٢- ڕەمەزان ناسراو بە زانا شەل
٣- حەمە خاڵەبازیانی
٤- حەمە شوکور
٥- ڕەحمان هاشەزینی
٦- عومەری مالی یە
٧- سامان عوسمان
٨- محەمەد خەڵکی چەمچەماڵ پێشـتر چەکـداری حکومـەت بـوو، لەژیاندا نەماوە
٩- جەوهەر خەڵکی چەمچەماڵ پێشتر چەکداری حکومەت بوو، لە ژیاندا نەماوە.


چەنــدجارێ هــەمومان لەســەر چــەمی باســەرە بــە شــەوو کۆئەبوینەوە، کاک هێمنمان ئەبینی

# ئەگەر

مەولود ئیبراهیم حەسەن

ئەگەر..ئەم نیشتمانە
هی من بووایە
وەک بەرماڵی نوێژ
لولم دەداو
دەمخستە نێو جانتا
پڕ لە سەفەرەکەم
ئازادی ..
خۆت بگرە هاتم
تا لە مەو دوا
هیچ نوێژێکم
بێ نیشتمان
بێ( ئازادیی) نەکردبا
ئەگەر..ئەم نیشتمانە
هی من بووایە
بەو خاکە بە پیتەوە
بەکرێ..دەمدایە چینییەکان
بیکەن
بە کێڵگەی برنج
تا چیتر
لەم وڵاتە کەس
لە برسان خۆی نەکوشتبا
ئەگەر..ئەم نیشتمانە
هی من بووایە
دەمدا ..بە هۆڵەندییەکان
بیکەن
بە گوڵزارو گوڵشەن
تا لە مەو دوا
هیچ گەنجێک بۆ ژوان
بە بێ گوڵ نە ڕۆیشتبا
ئەگەر..ئەم نیشتمانە
هی من بووایە
دەمدا ..بەهیندییەکان
بیکەن ..بەمەیدانی
جەژنی ڕەنگەکان
بۆ ئەوەی
لە مەودوا هاوڵاتی
هە موو ڕەنگەکانی
پێکەوە ڕشتبا
ئەگەر ..ئەم نیشتمانە
هی من بووایە
ئاشی ژیانم تێدا
دادەمەزراند
بۆ ئەوەی لە مەودووا
نیشتمان
بیست و چوار سەعاتە
چاوی بە کلی( ژیان) ڕشتبا

هە ولێر – ٢٠٢٠/٧



یادنامە YADNAME
بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە : مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەرە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە د و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.
Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp:+31615852703 / 009647701502234